ئەگەر ئافرەتی هەریەکێکتان داوای ڕوخسەتی لێکرد بۆ چوون بۆ مزگەوت؛ ئەوا با ڕێگری لێنەکات

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر ئافرەتی هەریەکێکتان داوای ڕوخسەتی لێکرد بۆ چوون بۆ مزگەوت؛ ئەوا با ڕێگری لێنەکات»، گێڕەرەوەی فەرموودەکە دەڵێت: بیلالی کوڕی عبداللە ووتی: واللە ڕێگرییان لێدەکەین. بۆیە باوکی بیلال (عبداللە) هات وزۆر جوێنی پێیدا وهەرگیز جوێنی وام نەبیستووە، و ووتی: پێت دەڵێم پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- وای فەرمووە، وتۆیش دەڵێیت: واللە ڕێگرییان لێدەکەین. ولە گێڕانەوەیەکدا: «ڕێگری مەکەن لە بەندە چاکەکانی خودا لە ئافرەتان لەوەی ئامادەی مزگەوتەکان بن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری بە هەردوو ریواتەکەی]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (ئەگەر ئافرەتی هەریەکێکتان داوای ڕوخسەتی لێکرد بۆ چوون بۆ مزگەوت؛ ئەوا با ڕێگری لێنەکات): بۆ ئەوەی بێبەش نەبێت لە فەزڵ وپاداشتی نوێژی جەماعەت لە مزگەوتدا، وهەروەها ڕوونکردنەوەی حوکمی دەرچوونی ئافرەتانی تێدایە بۆ نوێژ لە مزگەوتدا کە دروستە -جائیزە-، وپەکێک لە کوڕەکانی عبداللەی کوڕی عومەر ئامادەبوو کاتێک عبداللە ئەم فەرموودەیەی گێڕایەوە، وکوڕەکەی (بیلال) پێی وابوو کە ئەم سەردەمە گۆڕاوە وەکو سەردەمی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نییە چونکە ئافرەتان زیاتر خۆیان دەڕازێننەوە، و بەهۆی غیرەتی لەسەر پاراستنی ئافرەتان؛ بۆیە -بە بێ ئەوەی مەبەستی ڕەتکردنەوەی فەرموودەکە بێت- ووتی: واللە ڕێگرییان لێدەکەین، وباوکی وا تێگەیشت کە ئەو بەم قسەیە سونەتی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕەتدەکاتەوە وئەمیش وایلێکرد کە تووڕە بێت لە پێناو خودا وپێغەمبەرەکەی، بۆیە زۆر جوێنی بە کوڕەکەی دا وڕەخنەی لێبگرت، و ووتی: پێت دەڵێم کە پێغەمبەری خودا وای فەرمووە، وتۆیش دەڵێیت: واللە ڕێگرییان لێدەکەین؟

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3325